# هۆلۆكۆست لە راستییەوە تا گومان

و : مەجید سالّح

ئەم بابەتە باس لە سوتاندنی جولەکەکان دەکات لە سەر دەستی نازیزم. هۆلۆکۆست زاراوەیەکە بۆ وەسفکردنی ئەو پەلامارە رێکخراوانە بەکاردێت کە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا حکومەتی ئەلّمانیای نازی وهەندێک لە هاوپەیمانەکانی بۆقرکردن و نەهێشتنی رەگەزی جولەکە پێی هەستان. وشەی هۆلۆکۆست وشەیەکی گریکی کۆنەو مانای سوتاندنی تەواوی ئەو قوربانیانە دەگەیەنێت کە بۆ خواوەند دەکران. لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە مەبەستی وەسفکردنی کارەسات وکۆستی گەورە بەکاردەهات.

بۆیەکەم جار لە سالّی 1942دا ئەم وشەیە بەکارهێنرا بۆ وەسفکردنی ئەو مامەلّەیەی کە هیتلەر لە گەلّ جولەکەکانی ئەلّمانیادا دەیکرد، بەلاّم تاوەکو پەنجاکانیش ئەو وشەیە رەواجی پەیدا نەکرد، لە هەفتاکان بەولاوە زاراوەی هۆلۆکۆست تەنیا بۆ ئەو قرکردنە بەکاردەهێنرێت کە جولەکەکانی ئەلّمانیا لە سەردەستی نازییەکان توشی هاتن. تەنانەت خودی جولەکەکانیش لە سالاّنی چلەکاندا وشەی (شەوا)یان بەکاردەهێنا، ئەو وشەیە لە تەورات وەرگیراوەو مانای کارەسات دەگەیەنێت. چەندین هۆلۆکۆستی تریش هەیە بۆ نموونە هۆلۆکۆستی ئاسیاییەکان کە لە وەسفی باروگوزەرانی دانیشتوانی دورگەکانی زەریای ئارام و رۆژهەلاّتی ئاسیای دوور لە کاتی داگیرکارییەکانی ژاپۆن. هەروەها هۆلۆکۆستی رەش لە وەسفی مردنی هەزاران کۆیلەی رەش لە کاتی گواستنەوەیان بۆ ئەمریکا. جگە لەوە هۆلۆکۆستی چینییەکان بۆ وەسفکردنی بارودۆخی ژیانی چینییەکان بە دەستی ژاپۆنییەکان. بەلاّم وەک وتمان ئێستا زاراوەی هۆلۆکۆست تەنیا بۆ ئەو پەلامارانە بەکاردێت کە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا نازییەکان و هاوپەیمانەکانیان دژ بە جولەکەکان ئەنجامیاندا.

## سەرەتاکان:

سالّی 1904 پزیشکێکی ئەلّمانی بە ناوی (ئەلفرید پلۆیتز) دەستی کردە بلاّوکردنەوەی بیروراکانی کە ناوی لێنابوو (چاککردنی توخمی مرۆڤایەتی) ئەویش لە رێگەی گۆرانی کۆمەلاّیەتییەوە. ئەو کارەشی بۆ ئەوەبوو کۆمەلّگایەکی زۆر ژیر و بەرهەمهێن پێک بهێنێت تاکو لە رێگەیەوە کۆتایی بهێنرێت بەوەی ناوی لێنابوو ئازارەکانی مرۆڤایەتی. پاش شازدە سالّ لە بلاّوکردنەوەی ئەو بۆچوونانە، کتێبێک دەرچوو بەناوی( مۆلّەت وەرگرتن بۆ قەلاّچۆکردنی ئەوانەی شایانی ژیان نین) نووسەرەکەی یاساناس (کارل بایندنک) بوو کە بە هاوکاری دکتۆرێکی دەروونناس بە ناوی (ئەلفرید هۆچ) ئامادەی کردبوو. بیرۆکەی کتێبەکە بریتی بوو لە پەلەکردن لە مردنی ئەو نەخۆشانەی کەوا چارەسەریان نییە، بەلاّم لە کتێبەکەدا باس لەوە نەکرابوو هیچ نەتەوە یان گرووپێک لە سەر بنەمای نەژادی وئاینێکی دیاریکراو قر بکرێن.

هەندێک پێیان وایە بەشێک لەو نووسراوانەی کە باسمان لێوەکردن لە لایەن نازییەکانەوە بەکارهێنراوە بۆ تەواوکردنی پلانەکانیان بۆ قرکردنی جولەکەکان وئەو پلانەشیان ناوناوە (دوایین چارەسەر) Endlosung der Judenfrage لە یەکی نیسانی 1933 واتە پاش ماوەیەکی کەم لە دەسەلاّت گرتنەدەستی حزبی نازییەکان لە ئەلّمانیا دەستی دایە پروپاگەندەکردن بۆ ئەوەی یەک رۆژی تەواو هیچ ئەلّمانییەک ئەو کالاّو بەرهەمانە نەکرن کە لە لایەن جولەکەکانەوە دەفرۆشرێن یان بەرهەم دەهێنرێن، دوابەدوای ئەوە دەسەلاّتدارانی (رایخی سێیەم) هەستان بە دەرکردنی هەموو جولەکەکان لە دام ودەزگاکانی حکومەتی ئەلّمانیا.

له ساڵی 1935یشدا بریاردرا هیچ جولەکەیەک نابێت جگە لە جولەکە ژنی تر بهێنێت ونابێت هیچ ژنێکی جولەکەش جگە لە جولەکە شووبکات. دواتر ناسنامەی ئەڵمانیان لێ سەندرایەوە وپاشان لە مافیدەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا بێبەشکران. لە 15 تشرینی دووەمیش بریاردرا نابێت هیچ خوێندکارێکی جولەکە لە هەموو خوێندنگاکانی ئەڵمانیادا بخوێنێت.

زاراوەی (دوایین چارەسەر) یان (کۆتایی چارەسەر) بۆ یەکەم جار لە لایەن (ئۆدوڵف ئیخمان)ی سەرپەرشتیاری پەلامارەکانی هۆلۆکۆستەوە بەکارهێنرا. ئەم پیاوە لە 1 حوزەیرانی 1961 لە لایەن دادگای ئیسرائیلەوە دادگایکراو فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو وپاشان لە زیندانی (رملە) لە سێدارە درا. پلانی دواین چارەسەر لە 20 یەنایری 1942 لە کۆنگرەیەکی ناوخۆی حزبی نازی کە لە ناوچەی وانسی باشووری رۆژئاوای بەرلین بەسترا وتوێژی لەسەرکرا و بریار درا 46% ی جولەکەکانی ئەوروپا قربکرێن. لەو کۆنگرەیەدا هینریک هیملەر ئامادە بوو، ئەم پیاوە بەهێزترین ودرترین پیاوی هیتلەر بوو. دەقی کۆنگرەکە ئەوەی تێدایە کەوا شێوازی پێشووی هاندانی جولەکە بۆ کۆچکردن لە ئەڵمانیا گۆراوە بۆ دورخستنەوەی بە زۆر.

پەلامارەکانی هۆلۆکۆست لە لایەن فەلسەفەی نازیزمەوە بەوە پاساوی بۆ هێنراوەتەوە کەوا بۆرزگاربوون لەوانە ئەنجام دراوە کە لە خوارەوەی رەگەزی مرۆڤایەتین Untermensh هەروەها لە بەرئەوەی نەتەوەی ئەڵمان لە نەژادێکی پاکە بۆیە ئەو مافەی هەیە حوکمی دونیا بکات ونەژادی ئاریش لە هەموو نەتەوە هەجینەکانی تری ئەروپا وەک قەرەج وپۆڵەنییەکان وجولەکەو سلافەکان وئەفریقییەکان پاکترەو هەندێک توێژی کۆمەڵایەتیش با لە نەژادی ئاری بن وەک ئەوانەی جولەکەو (شازی جنسی)ن یان شوعین یاخود کەمئەندامن یان لیبرالین ودژی فەلسەفەی نازیزمن، بەلام پلەیەک لە خوار مرۆڤەوەن. جگە لە جولەکەکان نازییەکان 100,000شوعی و15 بۆ 25 هەزار (شازی جنسی) یان لە ناوبرد و نەشتەرگەرییان بۆ 400,000 کەسی کەم ئەندام کردووە تاوەکو زاوزێ نەکەن. جگە لەوەش لە رێگەی شێوازی T4200 بۆ 300 هەزارکەسیان کوشتووە کەوا هیوای چاک بوونەویان لێنەدەکرا. زۆربەی مێژوو نووسان پێیان وایە سەرەتای دەست پێکردنی هۆلۆکۆست دەگەرێتەوە بۆ شەوی 9 تشرینی دووەمی 1938 کاتێک ژمارەیەکی زۆر نازی دژبە جولەکە رژانە سەر جادەکان و هەموو دوکان وبازاڕی جولەکەکانیان سوتاند وئەو شەوەش 100 جولەکەیان کوشت و30 هەزاریشیان لێگرتن 7هەزار دوکانیان وێران کرد. ئەو شەوە ناونرا شەوی شکاندنی شوشەکان Kristall Kachr .

هۆلۆکۆست بە یەکێک لە وردترین و رێکخراوترین و پێشکەوتووترین پەلاماری جینۆسایدکردن دێتە ژماردن، چونکە دەسەڵاتی نازیی زانیاریی ورد و ژمارەی تەواوی هەبوو لە سەر ئەو ناوانەی کە پرۆسەی قرکردنەکە دەیگرتنەوە. بۆ نموونە ئەو تەلگرافە بەناوبانگەی کەوا هیرمان هۆفل بۆ هیتلەری ناردبوو ناوی تەواوی ئەوانەی تێدایە کەوا قرکراوون. هۆفل پیاوی دووەم بوو لە ئۆپەراسیۆنی رینهارد کە تێیدا جولەکەکانی پۆڵەندا لە ناوبران. ئەو بەڵگەنامەیە بەناوی تەلگرافەکەی هۆفل Hofle Telegram بەناوبانگە وتێیدا هۆفل باس لەوە دەکات لە دیسەمبەری 1942دا 24.733 جولەکە لە گرتووخانەی ماجانیک Majdanek لە ناوبراوون ولە گرتووخانەی تریبلینکا Trebinkaش10.1370 کەس و لە گرتووخانەی سوبیپۆ 43.4508 کەس لە ناوبراوون. هەموو ئەو گرتووخانانە لە پۆڵەندا بوون ولە لایەن هینریک هیملەرەوە سەرپەرشتی دەکران وفەرماندەی مەیدانیشان ئەفسەرێک بوو بە ناوی ئۆدیلو کلۆبوسنک بوو.

مێژوو نووسی هاوچەرخی بەریتانیا ریچارد ئۆفری لە کتێبی جەنگی روسیادا دەگێرێتەوە نازییەکان جولەکەکانیان وەک گیانەوەری تاقیگە بەکاردەهێنا بۆ پەرەپێدان وتوانای کوشتنی

زۆرترین ژمارەی جولەکە. بۆ نموونە ڕووداوێک دەگێڕێتەوە؛ کۆمەڵێک لە دەست بەسەرەکانیان یەک لە دوای یەک ریز دەکرد ویەک گوللەیان پێیانەوە دەنا تاکو بزانن بەو تاکە گوللەیە چەند کەس دەکوژرێت، بەڵام ئەو تاقیکردنەوەیە سەرکەوتوو نەبوو. هەروەها قومبەلەیەکیان لە ناو کۆمەڵێکدا دەتەقاندەوە ئەویشیان سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ژمارەی بریندارەکان زۆرتر بوون لە کوژراوەکان، هەروەها باس لە بەکارهێنانی دووکەڵی سەیارە دەکات لە ناو ژوورێکی تەواو داخراودا.

زۆربەی مێژوو نووسان بە بۆچوونیان هۆلۆکۆست ئۆپەراسیۆنێکی وردوو بەربڵاو بوو بۆ لە ناوبردنی ئەوانەی کە لە خوار مرۆڤەوە دادەنران لە هەموو ئەوروپای ژێردەستی نازییزم . ئەوانەی دەگیران یان دەبران بۆ سەربازگەی بە زۆرکارکردن یان لە گرتووخانەکانی قڕکردندا لە ناودەبران. هەندێک ژمارە هەن قسەی زۆری لە سەر دەکرێت وەک لە ناوبردنی 5–7 ملیۆن جولەکە لە ناویاندا تەنیا لە پۆڵەندا 3 ملیۆن کەسیان لێکوشتوون. هەندێک بەڵگە هەیە دەیسەلمێنێت تاقیکردنەوەی زانستیان لە سەرکردوون بە تایبەتی لە گرتووخانەی ئوشوتز لە پۆڵەندا. لەو گرتووخانەیەدا دکتۆرێکی نازی بە ناوی جوزیف مینگل ( Josef mengele 1911–1979) تاقیکردنەوەی جیاجیای لە سەر گیراوەکان ئەنجام داوە . بۆ نموونە لە سەتڵی داخراوی پاڵەپەستۆی زۆری داناون یان خستونیەتە ناو سەهۆڵەوە تا رادەی مردن، جوزێف هەمو تاقیکردنەوەکانی لە سەر دووانەکان (التوائم) کردووە. لەو تاقیکردنەوانەی کەوا جۆزێف کردوویەتی گۆڕینی ڕەنگی چاوە ئەویش لە ڕێگەی دەرزی لێدان لە گلێنەی چاوی منداڵان هەروەها هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی دەرمانی نەخۆشی مەلاریا لە ڕێگەی پێدانی لیکی ئەومێشولەی کە نەخۆشییەکە دەگوێزێتەوە لە ڕێگەی دەرزییەوە بۆ ئەو گیراوانەی لە بەردەستیا بوون. هەروەها هەوڵی گواستنەوەی بەشێک لە لەشی مرۆڤێک بۆ مرۆڤێکی تر و ئەزموونی نەزۆکی و....هتد

## گرتووخانەی بە کۆمەڵ

لە ساڵی 1933وە نازییەکان دەستیان دایە دروستکردنی چەندین گرتووخانە کە بتوانێت لە رووبەرێکی کەمدا زۆرترین کەس جێبکاتەوە. ئەو گرتووخانانەیان ناونا گرتووخانەی Concenttration camp لە سەرەتادا ئەو گرتووخانانە بە مەبەستی زیندانی کردنی خەڵکانی بەرهەڵستکاری سیاسیی بوو یا بۆ ئەوانە بوون کە (حەزبەچارەیان ناکرێت). لە کۆتایی 1939 تەنیا لە ئەڵمانیا 6 گرتووخانەی لەو چەشنە هەبوو، لە کاتی شەڕی جیهانی دووەمیشدا لەو وڵاتە ئەوروپییانەی کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانیای نازییەوە، چەندانی تری چووە سەر.

لە گرتووخانەکانی Concenttration camp خەڵکانی جولەکەو شوعی وپۆڵەندیوقەرەج ودیلی جەنگ و وخەڵکانی (شازی جنسیان) تێدا کۆ دەکرایەوە. گیراوەکان بە ناچاری ئەوکارانەیان ئەنجام دەدا کە بەسەریاندا دابەش کرابوو، هەروەها تاقیکردنەوەی زانستیی وپزیشکییان لە سەر دەکرا. پاش دەسپێکردنی شەڕی جیهانی دووەم ورێک لە ساڵی 1941دا چەندین گرتووخانەی تریان دروست کرد وناویان لێنان گرتووخانەی مەرگ یان قڕکردن. لەو گرتووخانانەدا لە ڕێگەی گازی ژەهراوی یان لە ڕێگەی ترەوە گیراوەکان لە ناودەبران وپاشان تەرمەکانیان دەسووتاندن.

جگە لەو گرتووخانانە نازییەکان چەندین کۆمەڵگای زۆرەملێان دروست کردو ناویان لێنان (گیتۆ). گیتۆ ناوچەیەکی بەرفراوان بوو جولەکەکانیان ناچاردەرکرد تێیدا بژین و دەروازەکانی ئەو کۆمەڵگایانە لەلایەن نازییەکانەوە کۆنترۆڵ کرابوون. بەناوبانگترین کۆمەڵگا گیتۆی وارشۆ

بوو کە 380000جولەکەی تیَدا دەژیا وهەر ژوریَک بۆ 9 کەس بوو، بەهۆی برسیَتی ونەخۆشی تایفۆئید هەزاران کەس لەو گیتۆانەدا مردن. لە 19 تەموزی 1942 هینریک هیملەری بریاری دا ئەو جولەکانەی کە لەویَ بوون بگوازریَنەوە بۆ گرتووخانەکانی کوشتن.

زیندانییەکانی ئەو گرتووخانانە نیشانەیەکیان لە ملدا بوو لە شیَوەی سیَگۆشەیەکی هەلَّەقوچی رەنگاو رەنگ وهەر رەنگیَک نیشانەی نەژادو و هۆکاری گرتنی کەسەکەی دەردەخست. ئەو نیشانانە لە قوماش دروستکرابوون ولکیَنرابوون بە جلی گیراوەکانەوە. بۆ نموونە سیَگۆشەی رەش بۆ کاولی وبەرەلاَکان بوو ئەوانەی رەگەزیان دەگەریَتەوەبۆ هیندستان وپاکستان، قەرەج وئەو ژنانەی کە لەبەر بەد رەوشتی یان شزوزی جنسی گیرابوون هەمان ئەستیَرە وهەمان رەنگیان پیَوە بوو، بەلاَم ئەستیَرەی سەوز بۆ تاوانباران بوو. ئەستیَرەی پەمەیی بۆ ئەو پیاوانە بوو کە شزوزی جنسیان هەبوو. ئەستیَرەی بەنەوشەیی بۆ شهود یەهووە بوو. ئەستیَرەی سوور بۆ سیاسیی و شوعییەکان بوو، بەلاَم بۆ جولەکەکان دوو ئەستیَرەی زەرد دانرابوو. ئەستیَرەیەکی زەرد بەسەر ئەستیَرەیەکی رەشەوە بۆ ئەو کەسانەبوون کە رەگەزیان ئاری بوو، بەلاَم خزمایەتیان هەبوو لە گەلّ ئەوانەی حەز بەچارەیان ناکریَت.

ژمارەی ئەو گرتووخانانە 47 گرتووخانەبوو،17یان لە ئەلّمانیا بوو9 یان لە پۆلّەندا و4 یان لە نەرویج وئەستونیا وهۆلّەندا وئیتالیا وفەرەنساش هەریەکەیان دوو گرتووخانەیان تیَدا بوو. لە چیکۆسلۆڤاکیاو نەمساو لاتیفیا وئۆکرانیاو لیتوانیا وبەلجیکاو دورگەکانی شائیلی نیَوان فەرەنساو بەریتانیا سەرو یەک گرتووخانەیان تیَدا بوو. گەورەترین گرتووخانەش گرتووخانەی ئۆشفیتز بوو لە پۆلّەندا، ئەم گرتووخانەیە هەم کاری بە زۆری تیَدا دەکراو هەمیش قرکردن وکوشتنی تیَدا ئەنجام دەدرا . گرتووخانەی ئۆشفیتز لە سالّی 1940 بۆ سالّی 1945هەبوو. ژمارەی گیراوەکانی گرتووخانەکە خۆی دەدا لە 400.000 کەس و نزیکە ملیۆنیَک لەوانەی حەز بە چارەیان نەدەکرا لەو گرتووخانەیەدا کوژران.

## تونی سوتاندن

گرتووخانەکانی مەرگ وقرکردن دوو زاراوە بوون لە وەسفی کۆمەلّە گرتووخانەیەکدا بەکار دەهات جیاواز بوون لە گرتووخانەکانیConcenttration camp. ئەوانەی دەبران بۆ ئەو گرتووخانانە چاوەریَی ئەوەیان لیَنەدەکرا دوای 24 سەعات لە گەیشتنیان بۆ گرتووخانەکە بژین. وا پیَدەچیَت هەموو گیراوەکانی گرتووخانەکانی Concenttration camp لە دوای سالّی 1942 گواستبیَتەوە بۆ گرتووخانەکانی مەرگ و قرکردن. شەش دانە لەو گرتووخانەیە هەبوو هەر هەمووشیان لە پۆلّەندا بوون وبریتی بوون لە گرتووخانەی ئۆشوتز2، کە جیاواز بوو لە گرتووخانەی ئشوتز 3 وئۆشوتیزی 1 کە گرتووخانەی Concenttration camp بوون. گرتووخانەی ئشوتیز 2 دەکەوتە ناوچەی برزیزنکا و سیَ کیلۆمەتر لە شاری ئۆشوتز دوور بوو، سالّی 1941 لە چوارچیَوەی پلانی چارەسەری کۆتاییدرووستکرابوو. دریَژی گرتووخانەکە 2.5 وپانیەکەی 2 کیلۆمەتر بوو. لەو گرتووخانەدا چوار توونی سوتاندن هەبوو، پیَان دوترا (مەخزەنی گاز gas chambers). هەر مەخزەنیَک جیَگەی 2500 کەسی تیَدا دەبووەوە. زیندانیەکانیان بە شەمەنەفەر دەهیَنا بۆ گرتووخانەکە ، هیَلّی ئاسنیان هیَنابوە ناو گرتووخانەکەوە. پاش گەیشتنیان دەدران لە بیَژنگ ولیَک جیادەکرانەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لە سەر هەندیَکیان لە لایەن پزیشکی ئەلّمانی نازی جوزیف مینگلّ، بەشی تایبەت بە ژنان لە ناو گرتوخانەکەدا هەبوو.

بۆ ڕەوانەوەی ترس لای زیندانییەکان پێیان دووتن دەتانبەین بۆ حەمام، هەندێک سەرچاوەباس لەوە دەکات نازییەکان بۆری دووشی حەمامیان بەستوەتەوە بە قەنینەی گازی جۆری زیکلۆن Zyklon Bکە گازی سیانیدەو بۆ کوشتنی مێشولە لە کشتوکاڵدا بەکار دەهێنرێت، گاز سەرچاوەیەکی سەرەکی کوشتنی خەڵکەکەبوو. پاش مردنی زیندانیەکان دەبران بۆ ئەو توونانەی کە بۆ سوتاندنی تەرمەکان لە هەمان بینادا ئامادەکرابوو. ئەو ژمارانەی کە دەخرێنە روو مایەی مشتومرەو هەندێک پێیان وایە تەنیا لەو گرتووخانەیەدا 300.000 جولەکەی پۆڵەندی و 69.000 جولەکەی فەرەنسایی و60.000 جولەکەی هولەندی و55.000 جولەکەی یۆنانی و 46.000 جولەکەی مورافیایی و25.000 جولەکەی بەلجیکایی کوژراوون و ژمارەی تێکرای کوژراوەکانیش دەگاتە یەک ملیۆن ونیو جولەکە.

یەکێک لەو تونانەی کەتەرمەکانیان تێدا دەسووتاند کەوتبوە گرتووخانەی بلزاک وتێدا 434.508 جولەکەی تێدا سوتێنراوە، ئەم گرتووخانەیە کۆنترین ویەکەمین گرتووخانەی قرکردن بوو، دەکەوێتە دووری نیو میل لە شاری بلزاک ی هەرێمی لوبینی ولاتی پۆڵەنداوە.

گرتووخانەی جیلمینۆ لە دوری حەفتا کێلۆمەتری شاری لۆدزەوەیە لۆدز دووەمین شارە بۆ گەورەیی لە ولاتی پۆڵەنداو. لەوگرتووخانەیەدا 152.000 زیندانی کوژراوە.

گرتووخانەی ماجدانیک . قسە زۆر هەیە لە سەر ژمارەی ئەوانەی لەو گرتووخانەیەدا کوژراون . یەکەمین جار سوپای روسیا چوونە ناو ئەو گرتوخانەیەوە وژمارەی کوژراوەکانیان بە 400.000 کەس لە قەڵەمدا. بەڵام لە ساڵی 1961دا ژمارەی کوژراوەکان بە نزیکەی50.000کەس مەزەندە کرا. دواین ئامار بۆ ژمارەی کوژراوەکانی جولەکە لەو گرتووخانەیەدا باس لە کوژرانی 78.000 کەس دەکات.

گرتووخانەی سوبیبور، زۆربەی قەرەجەکان لەم گرتووخانەیەدا کوژران. کۆی گشتی ژمارەی کوژراوەکانی ئەم گرتووخانەیە گەیشتە 250.000، 150.000 یان جولەکەی پۆڵەندا بوون و31.000یشیان هی چیکۆسلۆفاکیا بوون.

گرتووخانەی تربیلنکا ئەو گرتووخانەیە لە 1942 تا ساڵی 1943بەردەوام بوو. تێدا 800.000 کەس کوژران . ئەم گرتووخانەیە پاش گرتووخانەی ئوشوتز بە پلەی دووەم دێت.

## ئەوانەی بە پەلامارەکانی هۆلۆکۆست هەستان:

بۆچوونێکی وا هەیە پێی وایە ژمارەیەکی زۆر لە یەکەکانی سوپای ئەڵمانیا و خەڵکی سفیلی ئەڵمانی وپۆلیس وگستاپۆ و میلیشیاکانی نایزیزم SS کە هینریک هیملر فەرمانەدەیان بوو هەروەها بەرپرسە گەورەکانی وەزارەتەکانی ناوخۆ و داد وگۆاستنەوەو گەیاندن ودەرەوەوی ئەڵمانیا لە گەڵ هەندێک لەو پزیشکە ئەڵمانیانەی کە لە تاقیکردنەوەی 4-Tبەشداریان کردبوو، بە شێوەیەک لە شێوەکان لە پەلامارەکانی هۆلۆکۆستدا دەستیان هەبووە وناکرێت تەنیا دەستنیشانی لایەنێکی بەرپرسی هۆلۆکۆست بکرێت. بەڵام دەکرێت ئەوە بڵێن میلیشیاکانی SS رۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە رێکخستنی پەلامارەکاندا. هەر لەو میلیشیایە رێکخراوێک هەبوو پێیان دەوترا( سەری مەرگ) Totenkopf وئەرکەکانیان بریتی بوو لە پاراستنی گرتووخانەکان وتونەکانی مەرگ. درووشمەکەیان بریتی بوو لە کەلە سەرێک ودوو ئێسقان. جگە لەوان چەند تیمێکی مەرگ دروست بوو بە ناوی (ئنسلتیز کروین) بە ئەڵمانی واتە گروپەکانی چالاکی ، بە پێی دۆسیەکانیان هەستاون بە کوشتنی ملیۆنێک کەسی حەز لە چارەنەکراو.

جگە لەئەڵمانەکان هەندێک ولاتی میحوەریش وەک ئیتالیاو کرواتیا وهنگاریا لە هۆلۆکۆستدا لە رێگەی ناردنی جولەکەکانی خۆیان بۆ گرتووخانەکانی مەرگ بەشداریان کرد. رۆمانیا بە

تەنها بە شێوەیەکی راستەوخۆ 380.000جولەکەی کوشت. مۆسۆلۆنی 8.369 جولەکەی رەوانەی گرتووخانەکانی قرکردن کرد. هەرچەندە تاکو ئێستا هیچ دوکومێنیتێکی رەسمی لە بەردەستا نییە بۆ تاوانبارکردنی، بەلاَم لە روانگەی مێژوویەوە یەکەم کەسی بەرپرسیار لە دەرکردنی فەرمانی هۆلۆکۆست هیتلەرە. هیتلەر لە زۆربەی ووتارەکانیدا داوای قرکردنی جولەکەو ئەوانەی حەز لە چارەیان ناکرێت دەکرد. زۆربەی ئەو وتارانە لەلایەن جوزیف گوبلزی وەزیری پروپاگەندەی سیاسی سەردەمی هیتلەرەوە پارێزراون.

پاش شەری جیهانی دووەهەم چەندین تاقیکردنەوە ولێکۆڵینەوەی دەروونی ئەنجام درا بۆ دۆزینەوەی وەلاَمی راست بۆ چۆنێتی پەیرەو کردنی مرۆڤ بۆ ئەو فرمانانەی کە بە نا ئەخلاقی ونا مرۆڤانە دادەنرێن. گرنگترین ئەو تاقیکردنەوەیە لە لایەن زانای دەروونناسی ئەمریکی (ستالنی ملگرام1933–1984) ئەنجام درا. ئەو زانایە ساڵی 1961هەستا بە تاقیکردنەوە لە سەر ئەوانەی کە بە خۆبەخشی هاتبوون بۆ تاقیکردنەوەکەو هەموویان لە رووی رۆشنبیری وکۆمەلاَیەتیەوە پەسەند بوون. ملگرام هەستا بە دابەشکردنی رۆڵ بەسەریاندا بەبێ ئەوەی بزانن ئامانجی تاقیکردنەوەکە چییە. یەکێک لە خۆبەخشەکانی خستە ناو ژورێکی داخراوەوە بە جۆرێک کەس نەیبینێت وداوای لێ کرد هەندێک وشە بە هەڵە بدرکێنێت . لە دەرەوە لیستێک وشەی دایە دەستی یەکێکی تریان پێی وت داوا لەو کەسەی ناو ژوورەکە بکات بە شێوەیەکی راست وبێ هەڵەکردن وشەکان بڵێتەوە، هەروەها بە کەسەکەی ووت گەر کابرای ناو ژورەکە هەڵەی کرد دەست بنێ بە پلاکێکدا تاکو کەسی ناو ژورەکە کارەبا بیگرێت. هەرکە هەڵەی کرد کارەباکە دووبارەکەرەوە. لە راستیدا کابرای ناو ژوورەکە کارەبا نەیدەگرت وکابرای دەرەوەش بەمەی نەدەزانی وکابرای ناو ژوورەکەش هاواری لێبەرز دەبووەوە. هیچ یەک لەوانەی بەشداریان کرد لە تاقیکردنەوەیەدا نارەزاییان دەرنەبری بەرامبەر ئەو فەرمانەی پێیان درابوو. بۆیە دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکە ئەوە بوو مرۆڤ حەزی لە جێبەجێکردنی ئەو فرمانانەیە کە لە لایەن کەسانی بەرپرسەوە پێی دەدرێت با ئەو فرمانانەش لە گەڵ لۆژیکدا ناکۆک بن.

## بۆچوونی ئەوانەی گومانیان لە راستی مێژوویی هۆلۆکۆست هەیە

زۆربەی مێژوونووسان پێیان وایە هۆلۆکۆست یەکێکە لەو رووداوانەی سەردەم کە بە شێوەیەکی ورد بە وێنەو فیلم وبەڵگەنامە پشت راست کراوەتەوە وکارێکی نا لۆژیکییە رووداوێکی بەو گەورەییە ئینکار بکرێت. لەوانەیە ئەو گومانانەی سەبارەت بە راستی رووداوەکە دەخرێنە روو بگەرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کەبەشداربوون لە پرۆسەی قرکردنەکەدا بە تایبەت میلیشیاکانی ssی نازی کەپاش کۆتایی شەر زۆربەیان ئەڵمانیایان جێهێشت دەستیان دایە پروپاگەندەو گومان خستنە سەر راستی مێژوویی هۆلۆکۆست.

یەکەمین کتێب لە سەر گومانخستنە سەر هۆلۆکۆست ساڵی 1961 بە ناوی حوکمی رەها Emporium لە لایەن پارێزەرێکی ئەمریکی بە ناوی فرانسز پارکر یوکی بلاَو کرایەوە. ئەم پارێزەرە یەکێکە لەوانەی کە ساڵی 1946ئەرکی پێداچوونەوە بە دادگاییەکانی نۆرمبرگی پێسپێردرابو ، لە ئەنجامی رەخنەگرتن وگومانخستنە سەر دادگاییەکە لە تشرینی دووەمی 1946لە کارەکەی دەرکرا. ساڵی 1953 یوکی جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسری بینی وبۆ ماوەیەک لە وەزارەتی راگەیاندنیئەو ولاَتە کاری کرد ونوسینەکانی دژ بە دەوڵەتی ئیسرائیل بوون.

دوابەدوای کتێبەکەی یوکی مێژوونوسی ناودار هاری بارنیس کە ئەکادیمی بوو لە زانکۆی کۆلۆمبیای نیۆرک درێژەی بە رێبازەکەی یوکی لە گومانخستنە سەر راستی مێژوویی

هۆلۆکۆست. دواتر مێژوو نووس جیمس مارتن و ویلس کارتو Willis carto هەردوکیان ئەمریکین هەمان باوەریان هەبوو. لە 26 ئازاری 2003دەسەلاَتی دادوەری سویسرا داوای گرتنی کارتوی کرد. لە شەستەکانیشدا مێژوو نووسی فەرەنسی پۆل راسنییر کتێبی The drama of the European Jews درامای جولەکەکانی ئۆروپای بلاَوکردەوە.ئەوەی زیاتر مەسەلەکەی وروژان ئەوەبو راسنییر لە جەنگی جیهانی دووهەمدا بۆ خۆی زیندانی بووە کەچی هۆلۆکۆستی رەت دەکردەوە.لە حەفتاکاندا ئارسەر پۆتزکە مامۆستای ئەندازیاری کارەبایی وزانستی کۆمپیوتەر بوو لە زانکۆی (نۆرت ویسترن)ی ولایەتی ئیلینۆی ئەمریکا کتێبێکی دەرکرد بە ناوی The Hoax of the Twentieth Century درۆی سەدەی بیست ویەک. ئەویش کارەساتی هۆلۆکۆستی رەت کردەوەو وتی مەسەلەی هۆلۆکۆست بە مەبەستی دروستکردنی دەولەتی ئیسرائیل دروستکراوە. لە ساڵی 1976 مێژوونووسی بریتانی دیڤید ئرڤینگ لە کتێبی Hitlars War ئینکاری هۆلۆکۆستی کرد. هەر لە بەر ئەوەش لە 20 شوباتی 2006 دادگایەکی نەمساوی سێ ساڵ زیندانی بەسەریدا سەپاند. لە ساڵی 1974یشدا رۆژنامەنووسێکی کەنەدی بە رەگەز بریتانی بە ناوی ریچارد ڤیرال کتیبێکی نووسی بە ناوی Did six million Really Die? ئایا راستە شەش ملیۆن کەس مردن؟ بە هۆی ئەو کتێبەوە لە ساڵی 1992 دادگای بالاَی کەنەدا لە ولاَتەکەی دەرکرد.

ژمارەیەکی زۆر کتێب لەو بارەوە نووسراوون وەدەکرێت بۆچوونەکانی ئەو رەوتەی کە ئینکاری هۆلۆکۆست دەکات لەم خالاَنەدا کۆرت بکرێتەوە:

* کوشتنی شەش ملیۆن جولەکە لە ئۆروپا ژمارەیەکە زیادە رۆی زۆری تێدا کراوە. بە پێی ئامارەکانی ئۆروپا ژمارەی گشتی جولەکەکانی ئۆروپا لە پێش شەری جیهانی یەکەم شەش ملیۆن ونیو بووە، ئەگەر شەش ملیۆن جولەکە بە دەستی نازیەکان کوژرابێت واتە جولەکە بە تەواوەتی قری تێکەوتوە. جگە لەوەش ئەو ژمارەی پێچەوانەی ئەو ئامارەشە کەوا فەرمانگەکانی کۆچ باسی لێوەدەکەن گوایە لە نێوان سالاَنی 1933 بۆ1945 ملیۆن ونیوێک جولەکە کۆچیان کردوە بۆ بریتانیاو ئیسپانیاو سوید وئوستراليا وچین وهند وفەلەستین وئەمریکا. بە پێی ئامارەکانی حکومەتی ئەلمانیا لە ساڵی 1939 لە کۆی 600.000جولەکەی ئەلمانیا 400.000 یان کۆچیان کردوە، هەروەها لە نەمسا وچیکۆسلوفاکیا 480.000جولەکە کۆچیان کردوە. ئەو ژمارە زۆرەش بە پێی پلانێک کۆچیان کردوە تاکو لە (مەدەگشگەر) نیشتەجێ بکرێن، بەلاَم ئەوان چوون بۆ ولاَتانی تر وهیچ کەسیان سەروەت وسامانیان لێ زەوت نەکراوە ئەگینا چۆن ئێستا دەولەمەن ترین دەولەمەندەکانی دونیا جولەکەکانن. هەندیک را هەیە گوایە دوو ملیۆن جولەکە بۆ سۆڤیات کۆچیان کردبێت. هەموو ئەو ژمارانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەمتر لە دوو ملیۆن جولەکە لەو ولاَتە ئۆروپیانەدا دەژیان کەوا لە ژێر دەسەلاَتی نازیەکاندا بوو. زۆر کەسیش سورە لە سەر ئەوەی ژمارەی جولەکە گیراوەکانی سەردەمی نازییزم لە 20.000 تێپەری نەکردوە . ئەومێژوو نووسانە دەلێن ژمارەی جولەکەکان لە ساڵی 1938دا 16ملیۆن ونیو بووە وپاش دە ساڵ ورێک لە ساڵی 1948 بووەتە 18 ملیۆن ونیو. گریمان شەش ملیۆن جولەکە لەو ماوەیەدا کوژراوە کەواتە شتێکی موستەحیلە ئەو دە ملیۆنەی کە ماوەتەوە لە ماوەی دە سالدا زیاد بکەن بەو رادە زۆرە. ئەوەش پێچەوانەی یاساکانی ئامار وزاوزێکرنە لای مرۆڤ.

* هیچ بەلگەنامەیەک نییە باس لە هۆلۆکۆست بکات، ئەوەش کە باس دەکرێت گوایە لەو کۆنگرەی ناخۆیەی کە لە ناوچەی وانسی رۆژئاوای بەرلین لە 20 کانوونی دووهەمی 1942 بەستراوە هینریک هیملەر مەبەستی هاندانی جولەکەکان بووە بۆ کۆچ کردن بەرەو مەدەگشگەر

بۆ ئەوەی بیکەن بە ولاَتی خۆیان بەلاَم لەوکاتەدا بە هۆی شەڕی جیهانی دووهەم ولە بەر ئەوەی ئەڵمانیا پیَویستی بە دەستی کار هەبووە، بۆیە بەشتیَکی عەمەلی نەزانراوە لەو دەمەدا. بە پیَی نوسینەکانی میَژوو نووسی فەرەنسی پۆل راسنیر کە بۆ خۆی دیل بوە لەو گرتووخانانەدا، گرتووخانەکانی بە گرتووخانەی بەرهەم هیَنان وەسف کردوە. لە کتیَبی درامای جولەکەکانی ئۆروپادا دەڵیَت: ئەوەی پیَی دەوتریَت بەڵگەنامەی دواین چارەسەر لە راستی دا پلانیَک بووە بۆ دوا خستنی نیشتەجیَ کردنی جولەکەکان لە مەدگەشگەربۆ دوای شەڕ، ئەوەش لە بەر پیَویستی ئەڵمانیا بە دەستی کار ودۆزینەوەی کەناڵی دیپلۆماسی لە گەڵ ولاَتانی تر بۆ دۆزینەوەی نیشتمانیَک بۆ جولەکەکان.

* گەورە کردنەوەی گرتوخانەکانی مەرگ هیچ بناغەیەکی نییە وئەو کامپانە کۆمەڵیَک یەکەی بەرهەم هیَنانی مەزن بوون بۆ پشتیوانی شەڕ، یەکیَک لەو گرتووخانانەی کە مشتومری زۆری لە بارەوە کرا گرتووخانەی ئوشتز بوو کە یەکەم جار لە لایەن سوپای یەکیَتی سۆڤیاتەوە دەستی بەسەردا گیرا وتاکو دە ساڵ نەیهیَشت هیچ دەزگایەکی بیَ لایەن بچیَتە ناویەوە وپیَدەچیَت سۆڤیات روخساری گرتووخانەکەیان لەو ماوەیەدا گۆڕیبیَت. هەروەها ئەوەی پیَی دەوتریَت مەخزەنی گاز و هەزاران جولەکەیان تیَخستوە بە مەبەستی کوشتنیان بە هیچ شیَوەیەک بوونی نەبووە، بەڵکو ئەوانە ژووری بچووک بوون بۆدروستکردنی دەرمانی دژ بە میَش ومەگەز. بەڵی توونی سوتاندن هەبووە لەو گرتوخانانەدا، بەلاَم بۆ ئەوە بووە لاشەی ئەو مردوانەی تیَدا بسوتیَنن کە لەم ساڵانەی دوایی شەڕەکەدا بە هۆی تایفۆئیدەوە دەمردن. هۆکارەکەشی کەمی خزمەتگوزاریەکانی پزیشکی بوە لە لایەن ئەڵمانیاوە ئەوەش لە بەر تیَکچوونی ژیَرخانی ئەو ولاَتە بوو لە کۆتاییەکانی شەڕەکەدا، جگە لەوە ماقوڵ نییە ئەڵمانیا ئەو هەموو وزەو سوتەمەنیە لە سوتاندنی ملیۆنها لاشەدا سەرف بکات لە کاتیَکدا خۆی پیَویستی زۆری پیَی هەیە

* زۆر لەو ویَنانەی لە دادگای نورمبرگدا پیشانی جیهانیان دران لە راستیدا لە ئەرشیفی خودی ئەڵمانیادا دەرهیَنراوون. ئەو ویَنانەش لە کۆتاییەکانی شەردا بۆ ئەوە بوو پیشانی دەن کەوا چۆن برسیَتی ومەرگ وتایفۆئید لە ئەڵمانیادا بلاَو بوەتەوە. گرنگترین ویَنەش کە لە دادگای نورمبرگ لە سەر قەتلوعام پیشاندرا لە راستیدا ویَنەیئەو بۆمبارانە بوو کەفرۆکەکانی هاوپەیمانەکان کردیان لە شاری "دریسدن"ی ئەڵمانی لە 13 شوباتی 1945 بۆ 15شوباتی 1945. ئەو بۆمبارانە یەکیَکە لە رووداوەکانی جەنگی جیهانی دووهەم و تاکو ئیَستا زۆرترین قسەوباسی لەسەرە، لەوکاتەدا 9.000 تەن تەقەمەنی باراندرایە سەر ئەو شارە و لە کۆی28.410ماڵی شارەکە 24.866ماڵی ویَران بووهەروەها 72 قوتابخانەو 22 نەخۆشخانەو 18 کەنیسە و5 شانۆ 50 بانک و61 هوتیَل 31 ناوەندی بازاڕ روخیَنرا و 25 بۆ 35 هەزار مەدەنیش بوون بە قوربانی.

* جۆریَک لە تیۆری پلان "نظریە المؤامرە" هەیە بۆ گەورە کردنەوەی هۆلۆکۆست لە راگەیاندنەکاندا ویەکیَتی سۆڤیاتیش وەک لایەنیَک بەشدارە تیَدا، ئەو پروپاگەندانەشی کردوە بۆ ئەوەیدەسەلاَتی خۆی بە سەر ئۆروپادا بسەپیَنیَت وخۆی وەک باشترین ئەڵتەرناتیڤ پیشانی ئەڵمانەکان بدات . هەروەها بۆ ئەوەی کەس بیری بەلای ئەو مامەڵەخراپانەدا نەچیَت کە خۆی لە زیندانەکانی بەد ناوەکانیگۆلاگ دژ بە زیندانیەکانی دەکرد. لایەنیَکی تری ئەو پلانی ولاَتانی رۆژئاوا بوون کە لە شەرەکەدا بە سەرکەوتوویی دەرچوو بوون وئەو بۆچوونەی ئەڵمانیایان پیَ باش نەبوو مەدەگەشگەر بکریَتە نیشتمانی جولەکەکان و پیَان باش بوو ئیسرائیل ببیَتە نیشتمان بۆیان.

ئینکارکردنی هۆلۆکۆست به دیاردەیەکی نویَ له جیهانی عەرەبی وئیسلامیدا دادەنریَت ئەگەر بەراوردی کەین بەو رەوتەی لە رۆژئاوادا هەیە. بەم دوایانە هەندیَک ولاَتی وەک ئیران وسوریاو بزوتنەوەی حەماس لە فەڵەستین دەستیان داوەتە بلاَوکردنەوەی ئەو جۆرە بۆچوونانە. لە ئۆگستی 2002 لە سەنتەری زاید لە ئەبوو زەبی کۆنگرەیەک بە سەرپەرشتی سوڵتان زاید ئال نهیان بەسترا وبەوە وەسف کرا کاردەکات بۆ بلاَوکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی کە راستی میَژوویی هۆلۆکۆست رەد دەکاتەوە. عەبدول عەزیز رەنتیسی یەکیَکە لەنو ناوە دیارانەی کە راستی ودروستی هۆلۆکۆست بە درۆ دەخاتەوە. لە کانونی یەکەمی 2005دا محمود احمدی نەژادی سەرۆکی ئیَرانیش ووتی ئامانج لە ئەفسانەی هۆلۆکۆست ئەوە بوو دەوڵەتی ئیسرائیل دروست بکریَت. پیَویستە بگوتریَت ئینکارکردنی هۆلۆکۆست لە فەرەنسا وبەلجیکاو ئەڵمانیاونەمسا ورمانیا وسلۆفاکیا ولیتوانیا وپۆڵەنداو چیک تاوانەو یاسا سزای لە سەر داناوە.

---

سەرچاوە ویکیبیدیا الموسوعه الحره